# خوێندنەوەیەکی فێمێنیستانە بۆ کۆچیرۆکی "دەزگیرانە قوڕینەکەم"

سۆران محەمەدە سوورە
(سۆران)

(٢ - ٢)




**ژن و پێگە سیاسییەکەی**

دەسەڵاتی پاتریارکی، نەک بووە بە بنەمای سەرەکی خێڵ، بگرە ئەو دەسەڵاتە سیاسەت و جومگەکانیشی گرتووەتەوە. بە شێوەیەک کە ژنگەلێکیشی کردووەتە کەسێک کە خۆی، لە دەم و لووتی پیاو هەڵبسووێت و لمۆزی ماچ بکات. بەرگری لە دەسەڵاتی پیاو بکات و بووەتە بەشێکی بچووکی خۆ لەلا گەورە، بەڵام بەکارهێنراو لەلایەن بەشێکی گەورەی سیاسی چەوسێنەرەوەی ڕەگەزی ئەم.

لە چیرۆکی "ئەو نامانەی بەر لە مردن نەخوێنرانەوە"، کە پێکهاتووە لە(٦) شەش نامە، کە بۆ "دلارام" دەنێرێت. دلارام لێرەدا دەکرێت هێما بێت بۆ هەموو ئەو پیاوانەی کە لە دەسەڵاتدان و هۆکارێکی هەرە سەرەکین لە چەوساندنەوەی ژناندا. هەڵبەت دلارام کە خۆی بەشداری ئەم دەسەڵاتەیە دەکرێت لە خەونی خودی چیرۆکنووسیش شتێکی تر نەبێت، کە زیاتر شیمانەی ئەوە دەکرێت چیرۆکنووس خەونی پێوە دەبینێت بە بوونی وەها کەسێک کە وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە و دەخەمی سیاسەتێکی شەفافدایە، ئەوە وەک چیرۆکنووس دەڵێت «چۆنە تا ئێستا بێدەنگن، چۆن سیاسەت دەکەن؟»، ل١٨٦.

دوای ئەوەی باس لە دەستەیەک دەکەن کە دروست دەبن و هەموو شتێک بە میزی نێرینەیی خۆیان پیرۆز دەکەن، هەرچی جوانی هەیە دەیشێوێنن و دزە دەکەنە ئەقڵی میرەکانی شارەوە.

دیارە ئەم دەستەیە لەسەر بنەمای دۆگما و چەقبەستوو خۆیان بەرز دەکەنەوە، بۆ ئاستێک کە هەمیشە ئەم ساوێرە وەک خۆشەویست لە ئاوی مەلکانەی ئەقڵی مرۆڤی بێ هزر و زۆرینەی خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە و گەرا دەکات. هەر دوای ئەمە ئەم دەستەیە بێ باکانە ڕەگەزی بەرانبەر دەچەوسێننەوە و ئازاریان دەدەن و «بێ باکانە پێ دەنێن بە دڵی هاوڕەگەزەکانی خۆماندا»، ل١٨٤.

کار دەگاتە ئەوەی کە تەنانەت ژنگەلێکیش کە دوێنێ نارازی و چالاک دەبینران، ئەوە ئەمیش بۆنی میزیان گرتووە و ملکەچی هەموو ئەو بنەما سیاسی و ئایینی و خێڵەکییانەن، کە بە هۆیانەوە هاوڕەگەزەکەیان دەچەوسێتەوە، کەچی نەک بێ دەنگن، بەڵکو ئەوەی زمانی بکاتەوە ئابڕووی

دەبەن و تووشی مەینەتی و گێرمە و کێشەی زۆری دەکەن.

پرسیاری پاڵەوان، پرسیاری ژنگەلێکە، تەواوی نارەوایییەکان، کە دەرهەق ژن کراون، ئەوە دەرهەقی پاڵەوانیش کراون و ڕوحە مرۆڤانەکەی ئەمیان ئازارداوە، بۆیە بە چاوێک کە پەرۆشییەکی گەورە لە گلێنەکانیدا دەبینرێت، دەپرسێت و بە تەوسەوە دەبێژێ: کام ڕۆژتان ماوەتەوە کە خشتەی کارەکانتانی لێ دابنێن، چونکە ئەوەتا هەموو ڕۆژەکانتان بە چەوساندنەوە و کوشتن و لەچاڵنان و بێوەژنکردن و تازیەبارکردن پڕکردووەتەوە.

هەر ئەمەیشە کە وا دەکات پاڵەوان حەز بە گەورەبوونی "دلارام" نەکات و هەر بە بچووکی بمابایەوە لای جوانتر دەبوو، چونکە چی پیاو هەیە ئەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵێکی بێگەرد بووە، کەچی گەورەبوون ئەمی کردووە بە پیاوێکی ترسناک و چەوسێنەرەوە، «چەندم پێ خۆش دەبوو منداڵێکی منداڵ بوویتایە، نەک منداڵێکی گەورە، چەند لە گەورەبوونت دەترسم، چونکە دەزانم ئەو جۆرە منداڵییە دەتکات بە گەورەیەکی ترسناک»، ل١٨٦.

دوو تێڕوانینمان لەمەڕ دلارام خستە ڕوو، تێڕوانینی سێیەممان لەمەی سەرەوە هەڵدەهێنجین، کە ئاوڕ لەو فەرهەنگە باوە کۆنەی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەداتەوە، کە سەبارەت بە لەدایکبوونی منداڵی کوڕ هەیانە، کە هەمیشە وەک پیرۆزییەک سەیر دەکرێت، کەچی بۆ کچ پێچەوانە دەبێتەوە، کچ لەلایان مایەی شووم و نەگریسییە، بۆیە هەر ئەو منداڵە کوڕە، کە لەنێو فەرهەنگێکی باوکسالاریدا چاو دەکاتەوە، ئەوە کاریگەری ژینگە و خێزانەکە بەسەریەوە گەشە دەکات. دواییش خۆی دەبێتە پیاوێک کە دەیەوێت نەک چارەنووسی خۆی، بەڵکو هی ژنیش دیاری بکات. لێرەوە چیرۆکنووس ترسی ئا لەم گەورەبوونە هەیە و ناکرێت نەرێییانەش لەم گەورەبوونە سامناکە، ترس هێن، بۆ بەشەکەی تری ژیان و ژین نەهێنێت، کە ژنە.

## ڕەنگدانەوەی ستەمکردن لە ژن

شکۆ هەمیشە پیاو لە خۆی مارە بڕیوە، بۆیە لەو کاتەوەی شکۆ لە ڕەگەزی بەرانبەر دەستێنرێت و پێی نادرێت، ئەوە خودی ئەم ڕەگەزە کە ژنە، مەحکووم بە کۆیلەیی و مەحکووم بە تاوانی بوون دەکرێت. هەر ئەم ژنە مەحکووم کراوەیە، کە لە جیاتی ئەوەی باوەشی پێدا بکرێت و شکۆمەندی و میهرەبانییە سروشتییەکەی لەبەرچاو بگیرێت، ئەوە خراوەتە ژێر باری قورس، ئەشکەنجە، ئازار و قامچی پیاو.

هەڵبەتە ستەمکردن هەر تەنێ بە سووچی ماڵەوە و زیندانیکردن و لێستاندنەوەی گەلێک لە مافەکانی ژیانی مرۆڤ/ ژنەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ستەمکردنی پیاو لە ژن، ئەمڕۆ زەقتر بووەتەوە، کە چووەتە لایەنی لەشی ژنەوە و ئەم ستەم و زوڵمکردنە لەسەر ژن لە لەشە و خۆدامرکاندنەوەی پیاویش بۆ ئەندامەکانی لەشی ژن دەگەڕێتەوە، کە پیاو وەک چێژ و خۆدامرکاندنەوەی ئارەزووی زایەندی، خۆی لە ژن نزیک دەکاتەوە، بەڵام بە جیاوازتر لە ژیانی بەری. کە هەوڵ دەدات لەوێوە ئارەزووە زایەندییەکەی خۆی دامرکێنێتەوە و لەگەڵیدا ڕابوێرێت و کات بەسەر ببات، تەنانەت بۆ مەیل و تێرکردنی ئارەزووەکانی و کات بەسەربردن، ئەوە کار گەیشتووەتە فریودانی ژنی هاوسەردار، یان دوای هاوسەرگیریکردن، لە پێوەندی بەستندایە لەگەڵ ژنانی تر، ئەمەش بۆ ژنەکەی خۆی بە شیاو نازانێت، تەنانەت وەک هەڵوێست وەرگرتنیشی لەبەردەم وەها کارێکدا، کە مێردەکەی دەیکات. «پیاوێک لە بازاڕی گەوادەکاندا لە قوژبنی تاریکییەوە، فریوی ژنی هاوسەرداری دەدا بۆ خیانەتی هاوسەری»، ل٨.

هەموو ئەمەیش ستەمکردنە لە ژن، بۆیە ئەمڕۆ چەوساندنەوەی ژن لە لەشیدا وێنا بووەتەوە و زیاتر دەیچەوسێنێتەوە. ئەمڕۆ لەجیاتی ئەوەی پیاو بە خاوەن سۆز نیشان بدرێت، ئەوە ژن و بە کەم سەیرکردنیشی لەم ڕوانگە کۆنەی پیاوەوە ماوەتەوە کە ژن سۆزدارترە.

هەڵبەتە بۆ ئەمەش هەمیشە پیاو دەمامکی پۆشیوە و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەرگیز وەک ئەوەی کە هەیە پێشان نەداوە، بۆیە هەمیشە ژن لەم تاوان ئەنجامدانەی پیاودا، قوربانی بێ گەردی و بێ گوناهی خۆی بووە، بۆیە ئەم ئاڵۆشییەی پیاو هەیەتی، بووەتە هۆکارێکی سامناک لە فەرهەنگی کوردیدا، ناپاکی کردنی پیاو لەوێوە دزە دەکاتە ناو بێگەردییەک کە خودی دەسەڵاتی پاتریارکی ڕێگر بووە لە تێکەڵبوونی ڕەگەزی، کە وای کردووە متمانە بە هەموو ڕاستییەکی درۆ بکات و هۆشیارییەکی کەمتریشی هەبێت لە ڕەگەزەکەی تر. سەرەڕای ئەمە

نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی خێزانداری و زایەندی. ئەوەی دەشمێنێتەوە لەو سەرەڕۆییەی کە پیاو دەیکات، شێواندن و نواندنی بێ وەفاییەکە، کە ژنانمان مینا کولۆکەی تەرزە لێدراو، تەمەنیان هەمیشە لە ئەفسانەکانی پرۆمیسۆس و داستانی" ئۆدێسە و ئێلیادە"ی هۆمیرۆسەوە، بۆ پێوە لکاندنەوەی تاوانێکی تر لە گێژاوێکدایە، کە تێیدا ژن وەک هۆکاری هەموو شوومی و شەڕێک نیشان دەدات، بۆیە ڕازیبوون بەشی ئەوە بەوەندەی کە هەیە و پێی ڕەوا بینراوە، ئیتر دەبێ بڵێت: «ئێمەی قەیرە کچانی قەدەر، هەردەم ئەفسانەی فرمێسک بە گوڵەکانی ماچ دەسپێرین»، ل٥٢.

بۆیە گۆکردنی" قەیرە" لە دەمی پاڵەوان، دەرئەنجامی ڕەشبینییەکی ناکۆتا، بۆن نەکردن و شیمانەنەکردنی هەڵوێستێکی مرۆییانەیە لە پیاوێک کە هەمیشە سەنگی خۆی بۆ کەم سەیرکردنی ژن و چاوتێبڕینی وەک چێژ و دامرکاندنەوەی ئارەزوو شکاندووەتەوە.

«لەگەڵ ئەوەی ژیان بەبێ ژن نابێت، بەڵام ژیانێکی سەرفراز و ماناداریش لەگەڵ ژنێک جێگای باس نابێت کە تا ئەو ڕادەیە بچووک و سووککراوە» (٢)، بۆیە ڕێزگرتنی ژن، لەلای پیاوەوە ئاماژەکردنێک دەبێ، بۆ خۆشویستنی ژن و خۆشویستنی ژیان. ژیانێک کە هەر لە سەردەمە کۆنینەکانەوە بووژانەوەی خاک، زیندووبوونەوە و چرۆکردنی سروشت وای کردووە بە دایک بچوێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە مانایەکی قووڵ هەڵدێنجین کە: بوونی سروشتی دایک بوونی بنەڕەتی سروشت و ژیانە، چونکە خودی دایک(ژن) ئەم بوونە موفەڕک و پیرۆز دەکات.

## ماسکی پیاو هۆکاری بوونی فەرهەنگی داخراوە؟

ا- چیرۆکی "کچە ئازادەکە"

فەرهەنگی داخراو، هەمیشە سەر بە ژوورە بێدەنگەکان و کۆڵانە بێ جمەکاندا دەکات. فەراهەمی کەشێکە کە هەمیشە چاوی ئەم، چاوی گشت تاکەکانە. دەبێت لە چاوی ئەمەوە خەڵک سەیری خۆی و دەوروبەری خۆی بکات، چونکە هەمیشە باوک و دایک [دایکی دروستکراوی دەسەڵاتی پاتریارکی]، بە گوێچکەی تاک بەتاکدا دەچرپێنن، وەک ئەوەی ئەحلام مەنسوور دەڵێت: «هەمیشە دایکم پێم دەڵێ وەکو خەڵکی ڕەفتار بکەم» (٣)، لە وەها دۆخێکیشدا ژن/ کچ، هەمیشە بەهۆی ئەو نەریتە ڕیشە داکوتاو و دەقگرتووە، دەکرێت بە کۆیلە و قوربانی سەرەکیش هەر خۆی/ ژن دەبێت.

بۆیە لە چیرۆکی "کچە ئازادەکە"، کە کچێکی ڕۆژهەڵاتییە و لە ڕۆژهەڵاتی نەریتی ژیاوە، لەم چیرۆکەدا پاڵەوان داوای یاخیبوون دەکات. یەکسانی و ژن دەکاتە لەرە و لە بێ دەنگیدا نەوای دەنگێکی یاخی و خودێک دەبیسترێت. جاڕ دەدات و هاوارێک کە ماسوولکەکان وێک دێنێتەوە.

بەڵام ئەم پاڵەوانە نەک هەر لە لای پیاوانەوە، بەڵکو لە لایەن خودی ژنان خۆیانەوە، دەدرێتە بەر نەشتەر و پلار، چونکە ئەم ڕچەی نەریتی شکاندووە و لە یاسای خێڵ هەڵقریوەتەوە، بۆیە «لە ڕۆژێکی ژناندا کۆمەڵێک لە ژنان بە ژنێکی ناعادەتی ناوزەدیان کرد و تاوانی دابونەریت شکاندنیان دایە پاڵی گوایە ئەو یەکسانییەی ئەو داوای دەکات بۆ ئەوان زۆرە»، ل١٦٠.

ئەم کچە دژی کۆنپەرست و مرۆڤکوژ و تەسکبینەکانە، نزا و هاواری لە گەواڵەیەکی سەرکەشانەدا دەبن و ئاوێزانی هەستێکی مرۆڤدۆستانە دەبن، کە هەمیشە پەنجەی هێواشییەک و نەرمونیانییەکی خوداژنانە، لەسەر ژێکان سەمایانە و سەر لە ماڵی یەکسانی هەڵدەسوون.

بەڵام «بەبەهانەی ئەوەی گوایە چەندان ساڵ پێش گەلەکەی خۆی کەوتووە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی مێژووی نەتەوەکەیدا ناڕوات، هاوار دەکات دەست دەخرێتە گەرووی، سەربەرز دەکاتەوە دەدرێت بەسەریدا، هەنگاو دەنێت قاچی دەکرێت بە داوادا. بەر نەفرەتی مینبەرەکانی دەخەن. گوایە ئەو پێشکەوتنەی ئەو لە نەتەوە ڕۆژئاوایە کافرەکانەوە وەرگیراوە»، ل١٦١.

فەرهەنگی داخراو، بە ڕووی هەموو شتێکی نوێ و دەنگێکی ئازاددا هەڵدەشاخێت، ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەرگیز نابێتە لەنگەر بۆ هەرسکردنی نوێ. فەرهەنگی خێڵ، هەرگیز خوازیاری ئاشنایەتی و تێکەڵبوونی لەگەڵ فەرهەنگێکی تر نییە، بۆیە هەر دەنگێکی لەخۆی جیاواز دەداتە بەر نەشتەر. هەر کەسێکی لەخۆشی، کە بانگ بۆ یەکسانی و ئازادی بدات، تاوانباری دەکات و بە هەڵگەڕاوە لە ئایین دەرچوو، ناوی دەبات کە هۆگر بە پێشکەوتنی نەتەوە ڕۆژئاواییە

کافرەکان بووە.

دواجار پاڵەوان، ڕووکردنە دەرەوە هەڵدەبژێرێت، لەو فەرهەنگە دەربازی نابێت، بەڵکو لەو فەرهەنگە هەڵدێت، کە یەکسانی و پێشکەوتن ناخوازێت. هەنگاوەکان لە وڵاتێکدا دەیگیرسێننەوە، کە گوایە تێیدا پێی دەوترێت: «هەموو بۆچوونەکانت پەسندن...»، ل١٦١.

گرفتی سەرەکی لەم چیرۆکە و لە گەنجانماندا ئەوەیە کە لەجیاتی بەرەنگاری: هەڵهاتن و ڕووکردنە دەرەوە هەڵدەبژێرن، ئەمەش پێوەندی بە ڕوحێکی تەنبەڵ و ترسەنۆکەوە هەیە، چونکە مرۆڤ دەبێت بە خواستێکی بەهێز سەنگەر بگرێت و ئەحلام ئاسا بیر لە ناوزڕاندن و ژیانێکی ڕازاوە نەکاتەوە. کوا ڕچەشکاندن، بێ بەهاکردنی بەهاکان و شەڕی کۆنخوازی، مرۆڤی هەڵاتوو کە هەمیشە لە ڕاکردندایە، ڕوحی ئەوە. مرۆڤی هەڵاتوو بەدوای هیچەوە نییە، نە خەونی هەیە، نە بە خۆی دەگات وەک ناسین. هەڵاتوو دەبێت تا پەسلان دەست بە سەریەوە بگرێت. زەمینە بۆ وێرانکاری لە وڵاتدایە، ئەمڕۆ لە هەر وڵاتێک زیاتر، ئەم زەمینەیە لێرە سازاوە و دەبینرێت.

پاڵەوان لەوێش هەم دیسان کە گوایە بەهەشتە و ئازادی و ماف هەیە، بەڵام هەر زوو دەبێتە مایەی پێکەنین و گاڵتە پێکردنی ئەو ژن و پیاوانەی لە ئاوی دەریادان، کاتێک شەرم دایدەگرێت، چونکە ئەو لە فەرهەنگێکی کراوەدا نەهاتووەتە ئەو وڵاتەوە، بۆیە «ناچار دەبێت، لەجیاتیی مایو(ستریێج) و تیشێرتێک لەبەر دەکات بۆ ناو مەلەوانگە»، ل١٦١، جارێکی تر هەندەی دیکە شەرم دایدەگرێت و کاتێکیش لە ئاوەکەدایە نزیک بە خنکان دەبێت. ئیتر ئەم خنکانەش دەبێتە خنکانی ڕاستەقینە، دەرەنجامی ئەمەش هەر ئەو پێکەنین و گاڵتە پێهاتنەی هاوەڵە نوێیەکانی بوو کە گوێی لەوە دەبێت پێی دەڵێن «ئەم دواکەوتووە داوای یەکسانی دەکات، کە خۆی لەناو یەکسانیدا جێگەی نابێتەوە؟» ل١٦٢، ئەمەش کاتێک قووڵتر دەبێتەوە، کە زۆر ڕەگەزپەرستانە دەڵێن: «بابە ئەمانە بەسەد ساڵی تر ناگەن بەشارستانیەتی ئێمە، هەتا دوێنێ بەشاخەوە بوون» ل١٦٢.

ئەوروپاییەکان بۆ ئەوەی ئازاد بژین هەڵنەهاتن، بەڵکو لەو زەمینەیەی بۆ گۆڕانکاری دەبینرا، یاخی بوون و بەرەنگارییان نواند. بەڵێ، شەڕی ئایینده بە هەڵهاتن/هەڵهاتووان ناکرێت.

دوای ئەمە پاڵەوان، لەگەڵ دوو هاوڕێی ڕوو دەکەنە کافتریایەک، کە لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک کەس یەکتر دەناسن، کە بە یاخی و ئازاد ناسراون. دوای ئەمە یەکێکیان جگەرەیەکی پێشکەش دەکات، بەڵام ئەم سوپاسی دەکات، چونکە جگەرە ناکێشێت و سروشتی ئەوە. دوای ئەوە خزمەتگوزارەکە فەرموویان لێ دەکات کە «هەر یەکەیان داوای بیرەیەکی کرد و ئەویش داوای شەربەتێکی پرتەقاڵی کرد»، ل١٦٢، بۆیە ئەمان ئەم هەڵوێستەی ئەو بە نەشیاو دەزانن و پێی دەڵێن: کە تۆ کەسێکی ڕۆشنبیر بیت و شەرمە هەر لەگەڵ شەربەتدا بیت. چیرۆکنووس لەم وێنەیەدا وێنەی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەی ئەوێشمان بۆ دەکێشێت کە جۆرە ڕۆشنبیرەکانی ئەوێش، مەرج نییە هەموویان کەسانی تێگەیشتوو و مرۆڤدۆست بن، بەڵکو کاتێ کارەکتەر هەرکە داوای شەربەت دەکات، ئەوان وەک جنێویان پێ درابێت، دەتەقنەوە کە بۆچی داوای شەراب ناکات. ئا هەر لەوێ کە سەر بەرز دەکاتەوە، چاوی دەنیشێتە سەر ژنێکی باڵاپۆشی چارشێو بەسەر، کە بەرانبەری دانیشتووە و تاو نا تاوێک، چەمکی پەچەی لادەدات و پێکەکەی هەڵدەدات، بۆیە سەری سوڕ دەمێنێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت «ئای خۆ لای ئێمە تەنیا باسی ئەم دیمەنەش بکەین بە چاوی خۆت بینیوتە، بڕیاری کوشتنت دەدرێ، سەیرە من داوای ئازادی بۆ ئەو دەکەم، کەچی ئەو لە من ئازادتر و ئازاتریشە»، ل١٦٣.

دوای ئەم گفتوگۆیە، بابەتێکی تر قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمیش خۆشەویستییە، کە هەریەکەیان باسی ژیانی خۆشەویستی و پێوەندی خۆیان دەگەڵ دڵدارەکانیان دەکەن. کاتێکیش ڕووی دەمیان دەکەنە پاڵەوانەکە «ئەی تۆ باسی چی خۆتمان بۆ دەکەیت، باسی خۆشەویستییە ڕاستەقینەکان، یان کاتییەکان؟» ١٦٣، بەڵام ئەوە دەیوروژێنێت و دەڵێت: لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا، ڕاستەقینە قەدەغەیە، چ جای ئەوەی کاتییەکان. ڕاستییەکانیش سنگت دەکەنە نیشانەی گوللە. ئەوە کاتی هەر مەپرسە، لە پێواردایە، تاوانێکە مایە بە لێخۆشبوون نییە، تا من ئەزموونی بکەم، بۆیە پیاوێکی دانیشتووی نێو گفتوگۆکە، لە هەموویان پیرتر، پێی دەڵێت «بۆ کچم تۆش وەکو هەموو مرۆڤێکی تر

مرۆڤ نیت» ، ل١٦٣ ، بۆیە بە چاوی پڕ ئەسرین و دنیایەک پەرۆشی و غەمەوە، پێی دەڵێت: «بەڵێ مرۆڤم... مرۆڤێکی لێوانلێو لە نەخێرەکانی ڕۆژهەلات، مرۆڤێکم ڕەهەندی ڕوانینەکانم پڕ کراوە لە ڕشانەوەی کەسانێک کە لە دێرزەمانەوە تاوانباری مێژووی مرۆڤن» ، ل١٦٤.

ڕۆژهەلاتێک هەمیشە دەنگ و ڕەنگی ژنانی، لەپشت پیاوەوە دەبیسترێت و دەبینرێت. ژن لە زمانی خۆیەوە نا، بەڵکو لە زمانی ڕەگەزی نێر [پیاوسالاری]یەوە گوزارشتی لێ کراوە و وێناکراوە کە دەبێت چی بکات و چۆنیش بیکات، ئەمە هەر پیاو بڕیار دەدات و داردەستەکە هەر لە دەستی ئەمدایە.ئەو ئەمەی کە شکۆی پیاوی پێ پێناس دەکرێت.

**ب- چیرۆکی ژنەکانی ژەنەڕاڵ**

چیرۆکی ژەنەڕاڵ، چیرۆکێکە کار لەسەر ڕووهەڵماڵینی دەمامکی پیاوێک دەکات، کە چۆن بۆ ئارەزووەکانی کچێک فریو دەدات، باسی خۆشویستن و عەشق و دڵسوتانی خۆی بۆ کچەکە دەکات. ژەنەڕاڵێک کە کۆشکە سپییەکەی لە ژنگەلێک بۆ ئارەزووەکانی، ئەو وەها سەیری ژن دەکات، کە ژن جگە لە ئارەزووە زایەندییەکەی و کات بەسەر بردن هیچی تر نییە، پڕ کردووە.

«کانی هەر یەک جار خۆشە ئاوی لێ بخۆیتەوە... بەڵام من وەکو وتوویانە" کانییەک ئاوت لێخواردەوە بەردی تێ مەگرە" بەوەفا دەبم بەرانبەریان و لە ساختمانەکەدا کاریان بۆ دابین دەکەم، بەردیان تێ ناگرم» ، ل١٣٣.

ڕۆژانێک ئەم دەنگە «چەندان جار بەسرپەی خۆشەویستی و بە ئاکام گەیشتن و دڵسۆزی دڵ و دەروونی ئەمی پڕ کردبوو، ئەو دەنگە دلێرە لە بێ هەڵوێستیی مرۆڤەکاندا باسی جورئەتی دەکرد و لە خیانەتدا باسی پاکی دەکرد» ، ل١٣٣.

بەلام کە وەک پێشتر هەرزوو بێ چاوەڕوانی کردن بۆ دیداری، دەکرایە ژوورەوە. ئەوە ئێستا ئەم دەرکەی بەڕوودا داخراوە، ئیتر ژەنەڕاڵ بەکامی دڵی خۆی گەیشتووە و ئارەزووی لێ شکاوە. هەرگیز ئەو ژەنەڕاڵە نییە کە پێشتر «چەندان خۆشم ئەوێی بەگوێی مندا داوە» ، ل١٣٤ ، بۆیە گومانی ئەوە دەکات، کە ڕەنگە ئەو دەنگەی لە ژوورەوەیە ئەم نەبێت «ئەگەر ئەو بوایە ئێستا هەر بەزانینی کە من لێرەم خێرا دەیکردمە ژوورەوە و قسەی خۆم لەگەڵ دەکرد... یا هیچ نەبێ کە دەیزانی من گوێم لێیە هەرگیز وا توندوتیژ خۆی پێشان نەدەدا، هەر بەو ناسکی جاران دەجوولایەوە» ، ل١٣٤ ، ئیتر مەیلی مریشکێکی تر دەکات.

ئەم ژەنەڕاڵە بووبووە نموونەیی و ژەنەڕاڵێکی دلێر و مرڤدۆست، بەشێوەیەک کە «لە هەموو کەس بێگەردتر بێت، مرۆڤتر بێت بەڕەوشتتر و بە هەڵوێستتر و ئاشتیخوازتر بێت» ، ل١٣٤ ، کە خۆشەویستییەکەی وای لێ کردبوو ، خودی خۆشی نەبینێت تەنیا و تەنیا ئەو ببینێت. خۆشەویستییەک کە وەها بەرپەرچی هەر قسە و قسەلۆکێکیشی دەدایەوە کە دەربارەی ئەو/ ژەنەڕاڵ، دەکران، ئەم نمایشەشە درێژە دەکێشێت تا ئەو ڕۆژەی، لە دەستبازی و گەرموگوڕی ماچدا، ژەنەڕاڵ دەیداتە بەر زللە، نە یەکیان و نە دوان. سەرەتا وا هەست دەکات زللەی خۆشەویستییە و گاڵتەی دەگەڵ دەکات، بەلام تا ئازاری لێ هەڵدەستێنێت، تەنانەت بەردەم و چاویشی دەکێشێت، هەر ئەمە نا، بەڵکو چی وشەی ناشیرینیش هەیە پێی دەڵێت: «هیچ و پووچ، بێنامووس، سۆزانی» ، ل١٣٥. کە تا ئەو کات هیچ کەسێک، وەها وشەیەکی پێ نەگوتووە. لەپڕ هەموو شتەکان ئاوەژوو دەبنەوە و وێنەی ڕاستی خۆ وەردەگەڕنەوە. ژەنەڕاڵیش لە پیاوێکی خۆویست، چەوسێنەر و مێشک پووچ تای تەرازوویەک داگیر ناکات. بەڵێ وشەگەلی وەک: هیچوپووچ و بێ نامووس و سۆزانی، ئەم وشانەن کە لە بازاڕی دەم قەرەباڵغی پیاودا، ئەمڕۆ بۆ ناشیرینکردن و ناوزڕاندن و کەم سەیرکردنی ژن، ئاوسن بە ڕۆژانە هەزاران جار بیستنەوەیان کە پیاو وەک پاکانەیەک بۆ خودی خۆی و چەکی بەرگرییە ئایینی و سیاسی و ئابووری و مرۆڤبوونە شکۆمەندەکەی خۆی پێ دەکرێتەوە. ژنیش هەڵدەداتە دۆزەخێک کە هەر پیاو دروستی کردووە.

بۆیە هەر دوای هەڵمژینی جوانی و پەژموردەکردنی خونچەی دوای تێربوون و وەڕسبوون لێی، دوای سووکایەتی پێ کردن و جنێو پێ دان، نەک هەر خێرا دەری دەکاتەوە، بەڵکو هەڕەشەشی لێ دەکات «خێرا بڕۆ دەرێ با بە فیشەکێ کاسەی سەرت لێ نەکەمەوە» ، ل١٣٥.

ئایە کەسێک شەڕ و فیشەک و

چەک و سووک تەماشاکردنی ژن گەورەی کردبێت، لە مانای خۆشەویستی و عەشق دەگات؟!
«ژن بوو بەوەی لە پیاو بدات»، ل١٣٥. کەی گوێ لە دەنگی ناوەوەی دەگرێت؟! کەی کەی. ئیتر ئەم ژنەڕاڵە، ژنەڕاڵی شەڕە دۆڕاوەکانە، ئەو شەڕانەی مێژوویەکی بۆ ناسینی مرۆڤبوون بە مرۆڤی نەبەخشیوە.
چونکە ژنەڕاڵ لە کڵپە و بڵێسەی ئەوین ناگات، تێگەیشتنی نییە لە مشتەکۆڵە و زڵلە خۆشەویستییەکانی دڵبەر. تەنیا دامرکاندنەوەی دەوێت و تێربوون.
بۆیە کچە/ پاڵەوان، پێی دەڵێت: «جەنەراڵ تۆ بەردەوام خۆت بەبراوە دەزانیت، بەڵام دەبێ ڕۆژێ ئەوەت تێ بگەیەنم کە تۆ براوەی شەڕێکی دۆڕاویت»، ل١٣٦، ئەوەی تۆ شەڕی بۆ دەکەیت، ئەوەی بۆی ژیاویت، ئەوەی خۆتت پێ ناساندووە، ئەوە ڕۆژێک ئەوەت پیشان دەدەم، کە چەندە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی دەم گەمەیەک بوویت، کە هەر لە زووەوە بە وەدەرنانی تۆ ئاشنا بووە، چونکە «لە شەڕەکاندا فرمێسکی ژن و خوێنی پیاو هیچ بەها و نرخێکی نییە»، ل١٣٦. ئەمە دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەسەر بوون و ماف. بوون و خودێکی ڕەسەن، چونکە پیاو وەچەی دوای شەڕە دۆڕاوەکانە. لە تۆڵەی دۆڕان بەدرێژایی مێژوو، دەیەوێت کێماسییەکانی خۆی بە ژن پڕ بکاتەوە و شوورەییەکانی بەژن بسپێرێت.
ئەمەش کاتێک بۆ ژنەڕاڵ دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت «کە هەستت بەوە کرد فرمێسکی ئێمە بەرانبەر خوێنی ئێوەیە ئەوکات دەزانیت براوەیەکی دۆڕاویت»، ل١٣٦، ژنەڕاڵ شەڕ وای کردووە هەرگیز تۆ خۆت نەناسیت. شەڕی تۆ لەپێناو بێ بەهاییەکانە و شەڕکردنە لەپێناو هیچ، بۆیە شتێک دەستەبەرت کردبێت، خۆشاردنەوە و نیشان نەدانی ڕووی ڕاستەقینەتە. نیشان نەدانی ڕووی ڕاستەقینەش، لە دۆڕان و نشوستییەکانەوە فێر بوویت کە هەمیشە دۆڕاو سوود لە متمانە وەردەگرێت و لە مامەڵەی باش و خۆشەویستی ناگات، بۆیە هەمیشە ترسنۆکانە لەپشتەوەڕا هێرش دەبات.

## دەرکەوتەی چیرۆکەکە

ژنەڕاڵ، یەکسانە بە پیاوانێک دوای شەڕێکی دۆڕاو، شەڕیش پاشماوەکەی کەسانێکی نەخۆشن.
کچە هەڵخەڵەتێنراوەکە، یەکسانە بە کچانی وڵات، کە بوونەتە قوربانی نەخۆشی پیاوانێک، شەڕ لە هەموو بەها ڕەوشتییە مرۆییەکان دایماڵیون.

## وێنەی ژن، لە تێگەیشتنە تەسکبین و کوێرانەکەی ژنەڕاڵەوە

دوای تێربوونی ژنەڕاڵ و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی بۆ کچەکە کە بۆی دەردەکەوێت ژنەڕاڵ تەنیا بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردن لەگەڵیدا بووە، هەرگیزا و هەرگیز وەک مرۆڤیش سەیری نەکردووە، تەنانەت وەک (مریشک) چاو لە ژن دەبڕێت و سەیری کچەی کردووە «ئەمەش هەر پاشماوەی خۆمە بیگەیەنن بە تەویلەکان، خۆتان دەزانن ئەمساڵ هەموو کەڵەشێرەکانم پاش ئەوەی لە شەڕەکەڵەشێردا دەدۆڕان خەساند و مریشکەکانیش نیوەیان بەدەردی دڵەوە مردار بوونەوە و ئەوانی تریش لەبەر ئەوەی لە کڕ کەوتن یاخی بووبوون سەرم بڕین، بۆیە ئێستا ئەو تەویلانەم بۆ ئێوەمانانە هەتا لەسەر ئەو هێلکە ماوانە بنیشن و هەڵیان بهێنن»، ل١٣٧.
تێگەیشتنی ژنەڕاڵ وایە، کە دەبێت ژن لە کونجی ماڵەوەدا بێت. کار بکات و خزمەت پێشکێش بە پیاو بکات، ئەو پیاوەی وەک کەڵەشێر، لەگەڵ چەندان ژندا خۆی تێر دەکات و ڕادەبوێرێت. ئەرکی ژن ئەوەیە کە ئارەزووی ژنەڕاڵ تێر بکات. ئەمە هەر وەک کەڵەشێر کە لەدەوری چەندان مریشک هەڵدەسووڕێت.
ئەمە بەدیوێکی تردا ژنەڕاڵ ماف بەخۆی دەدات هەروەک کەڵەشێر لەگەڵ ژندا بێت، چونکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا دەشێت پیاو تا چوار ژن بێنێت و چێژیان لێ ببینێت.
لە لایەکی تریشەوە، ژنەڕاڵ هەر تەنیا ئەو ژنانەی بۆ تێرکردنی غەریزە زایەندییەکەی نییە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕووی ئابووریشەوە سوود لە ژن ببینێت «دەمەوێ سوود لە ئێوە وەرگرم بۆ ئابووری وڵات»، ل١٣٧.

### ج- وەرە پێکەوە سەما بکەین

ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی پەیوەندی خۆشەویستی ژنێکە لەگەڵ پیاوێک. سەرەتای دەستپێکردنی گێڕانەوەش لە فیستیڤاڵی گوڵ و خۆشەویستیدایە. کاتێک ژنێکی پرچ سپی، سەرووی پەنجا ساڵ، لێی دەپرسێت شێوەت نامۆ نییە. ئەم ژنە خوشکی ئازادە، بەنێوی بەهێ و

چاوی بە مینا دەکەوێت، ئەمە دوای لێکدابڕانی سی ساڵی مینا لە ئازاد. دوای گفتوگۆ، بە فلاشباک باسی منداڵی، زانستگە و خۆشویستنی مینا و ئازاد دەکرێت. دوایی کەسیەتی ئازاد وەک پیاوێک، کە مینا کوێرانە و شێتانە بە دڵ و گیان ئازادی خۆش دەویست، دەردەکەوێ. وەک لە دوایی کە مینا ئیمێلێکی بۆ دەنێرێت و بە ناوێکی خوازراو قسەی لەگەڵ دەکات، ئەوە ئەم پیاوە کە دوای سی ساڵ لێکجودابوونەوە و ژیان بردنەسەر لە دەرەوەی وڵات، ئەوە هێشتا ئەو دەمامکەی لە ڕوو لانەداوە. پیاوێکە ئازاد و پێشکەوتوو خۆی نیشان دەدات، بەڵام ڕاستییەکەی، پیاوێکە وابەستە بە فەرهەنگی داخراوە. گوایە پیاوێکە باس لە ئازادی ژنی وڵاتی خۆی دەکات، بەڵام ڕازی نییە و کراوە نییە سەما لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆی بکات، چونکە هەر خۆشەویستی مینا وای کرد کە داوا لە ئازاد بکات ئاهەنگێک لە ڕۆژی خۆشەویستیدا بکەن. سەما و دەستلەملان، ئاوێزانبوونی گیان و لەدایکبوونەوە، سەما گیان بەبەر دڵە مردووەکاندا دەکاتەوە و جارێکی تر بەرەو ژیانێکی ئازاد و دوور لەو ژێربێژییە باوەی مێگەل تێیدا دەژێت.

بۆیە کاتێک لەو ئاهەنگەدا کە پۆلێک لە هاوڕێ مەسیحییەکانیان داوەت کردووە، ئەمەش بەو هۆکارەی کە ئەوان کراوەترن و خەڵکی خۆیان کەمیان دەزانن ڤالنتاین مانای چییە؟ دوای ئەم ئاهەنگەی کردووە،

بۆیە کاتێک کەس بەسەر کورسییەکانەوە نییە، میناش دەیەوێت تینوویەتی گیان بشکێنێ و خۆشەویستی خۆی بۆ ئازاد دەرببڕێت، داوای لێ دەکات کە پێکەوە سەما بکەن، بەڵام ئازاد هەر زوو هەڵدەداتێ «شێت بوویت، تۆ ژنێکی ئابڕوومەند نیت، چۆن ڕێگەت دەدەم سمت و کەفەڵ بادەیت بۆ ئەو هەموو پیاوە»، ل٣٣، بەڵام مینا گفتوگۆی لەگەڵ دەکات و پێی دەڵێت، ئەگەر ئا ئەم جۆرە ناوەڕۆکە و بیرکلۆڵییە، ئەم داخراوی و دەمامکەت هەبوو، یان پێم دەوتیت بۆچی ئەم هەموو خۆنواندن و تەماشاکردنە، لەپای چی؟ ئەوە پێت دەوتم «گرێت هەیە بەرانبەر عەقڵی پیاو»، ل٣٤. ئازاد نموونەی پیاوێکی دەمامکدارە، ئەم دەمامکەشی تەنیا بۆ لەخشتەبردنی ژنە و بەس، بە مەبەستی شکاندنی ئارەزووی خۆی لێیان.

## گفتوگۆی مینا لەگەڵ ئازاد بە نێوێکی خوازراو

مینا دوای مردنی مێردی، بەهۆی ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئازاد هەیبوو، هەوڵدەدات بە ناوێکی خوازراو قسەی لەگەڵ بکات، هەڵبەتە وەک کوردێکیش نا، بۆیە کاتێک کە قسەی لەگەڵ دەکات، لێی دەپرسێت کە خۆشەویستی کردووە؟ یان نا؟ یان بۆ ڕاستی؟ یان چۆنە تا ئێستا هەر سەڵتە و ژنی نەهێناوە. ئەوە پێی دەڵێت من خۆشەویستیم کردووە، بەڵام تەنیا بۆ کات بەسەربردن بووە و هیچی تر، تەنانەت لە یەک کاتدا، من لەگەڵ دوو ژن، پێوەندیم هەبووە، «خۆت دەزانیت ژنی ئەم کولتوورە زۆربەیان بێ وەفان و...»، ل٣٦. ئەم وێنەیەی ئازاد بۆ ژنی بێگانە و ژنی وڵاتەکەی خۆی دەکێشێت کە گوایە بێ وەفا و پارەبردە و ڕەگەزپەرستن. ئەوە وێنەی خودی خۆی/ ئازادی تێدا بەرجەستە دەبێتەوە. مرۆڤ چۆن وێنای شتەکان و دەوروبەر بکات، ئەوە لە توانایی ئاستی بینینی خۆیەوەیەتی و لە تێگەیشتنی خۆشیەوە دەڕوانێتە دەوروبەر و لێکدانەوە بۆ بینراو، بیستراو و هەست پێ کراوەکان دەکات.

لە کاتی ئەم قسانەدا، ئازاد هەندێک لەو قسانەی کە لە ڕابوردوودا مینا پێی گوتبوون، بەکار دەهێنێت، بۆیە ئەو خۆشەویستییە نەمرەی مینا بۆ ئازاد، ئەمەش وای لێ دەکات ترووسکاییەک، یان ئومێدێکی پێ ببەخشێت، کە ئازاد خۆشی دەوێت و هەر بە یادی ئەوەوە ژیاوە. ئەو قسانەی لە ئاهەنگی پێشتر، واتە سی ساڵی بەری، مینا هەمان ئەو قسانەی کردبوو کە ئەو پێی وتنەوە، «ئەوە خواستی منیشە، یەکەم هەنگاو بەسەما دەست پێ بکەین، سەما سەما هەتا ئەودیوی ژین، سەمایە ئارەزووی منیش، سەما هەتا ئەودیوی ڕۆح»، ل٣٨، بۆیە دوای ئەمە [مەبەست پێوەندی ئیمەیل]، کە دوو ساڵ دەخایەنێت، بڕیار دەدەن یەکتر ببینن، کە هێشتا خۆی پێ نەناساندووەتەوە.

هەروەها مینا لێی دەپرسێت کە هەندێک شتی نەشیاو و سەیر، لە وڵاتی ئێوە لە مەڕ ژن دەبیستم. لەم پرسیارەدا ئازاد باسی خۆی دەکات کە گوایە لەبەر وەها شتێک وڵاتەکەی جێ هێشتووە. جێهێشتنی وڵاتیش، وەک ئازاد گوتەنی، بەهۆکاری داکۆکیکردنی لە مافی ژن و ئازادی ژن بووە، کەچی خۆی لەوەتەی لە وڵاتدا بووە،

پێوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ ژنان نەبووە، تەنیا بۆ کات بەسەربردن بووە.

کاتێکیش لێی دەپرسێت و باس دێتە سەر ئاهەنگ و سەما، ئەوە قسەکانی یەکەم ئاهەنگی بەری سی ساڵ کە مینا کردنی دەکاتەوە، گوایە کەسێکی تێگەیشتووە، بەڵام هەر زوو ئاهەنگەکەی شێواند و ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوت، بۆیە کە لە وڵاتەکەی باس لە سەما دەکات ئەوە دەڵێت: «من لەوێش ژنێکی عەقڵ کراوەم نەدەبینی کە تەنانەت ئەم سەماکردنەی ئێستای من و تۆی پێ ئاسایی بێت و ئێوارەخوانێکمان پێکەوە هەبێت... کەسێشیان ئەوەندە ڕۆشنبیر نەبوون هیچ لە جیهانی ئەفسووناوی سەما بگەن»، ل٤١. هیچ کەسێک خەونێکی بۆ سەما نەبووە. خەون لەوێدا بوونی نییە. چ جای بۆ سەما بێت. هەڵبەت ئەمە لە قسەکانی ئازاددا، بەڵام مینا لێی دەپرسێت ئەگەر نییە «ئەی تۆ بۆ فێرت نەکرد؟»، ل٤٢، یان بەڕاستی تۆ وەها کەسێک بوویت و ئەوە وێنە و دەنگی ڕەسەنی تۆیە؟ ئەوەی تۆ دەیگشتێنی، ئەوە ناڕاستە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەی ئەوە نییە کەسێکی ڕۆژهەڵاتی لێرە ئامادەیە و لە تۆش باشتر سەما دەزانێت؟ کاتێکیش مینا خۆی پێ دەناسێنێت و دەڵێت من مینام:

ئازاد پێی دەڵێ «ئەو مینای سی ساڵ بەر لە ئێستا وازم لێ هێناوە و بێ شەرمانە بەم تەمەنەوە و بەم سەری سپییەوە لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا کەوتووەتە سمت و قنگ بادان»، ل٤٢.

ئازاد وێنەی پیاوێکە کە تا سەر ئێسقان دەیەوێت کوێرانە، نەریتی و خێڵەکی بژیەت و خۆشی وەک پێشکەوتووخواز و داکۆکیکاری سەرسەختی ژنان، نیشان بدات.

هەڵبەتە من لە بەکارهێنانی تێگەی ڕۆژهەڵاتی، لەم چیرۆکانەی بەتایبەتی لە ئەوروپا دەنووسرێن، وەک خۆبردنە پێشەوەیەک لە بازاڕ و بڵاوکراوەکانی ئەوروپا دەبینم، نەک ئاگایی و خوێندنەوەی فەرهەنگە ڕۆژهەڵاتییەکان. بەتایبەتی لەم چیرۆکە و چیرۆکی کچە ئازادەکەدا بە ئاگایی ژنانە و هزر بەم شێوەیە نییە کە ڕازیمان بکات، ئا ئەمەیە گومانی خوێنەر لە بەکارهێنانی تێگەی ڕۆژهەڵاتی.

**پاڵەوانە سەرەکی و لاوەکییەکان، لە هەرسێک چیرۆکەکەدا**

ا- کچە ئازادەکە:

- کچە ئازادەکە، دەمامکی نییە و داوای ماف و ئازادی بۆ ژن دەکا.
- ڕووکردنە دەرەوەی کچەکە، هۆکارەکەی داخرانی فەرهەنگەکەیە، کە تێیدا پیاو بەها بۆ شتەکان دیاری دەکات.
- مامەڵەکردنێکی مرۆڤانە دەکات و کار بۆ ئازادی و ئاشتی دەکات.
- لە ناوەوەی وڵات، کچەکە پێشکەوتوو دەردەکەوێت و یاخییە، بەڵام لە دەرەوەی وڵات، بەهۆی کاریگەری فەرهەنگە داخراوەکەیەوە، کە هێشتا بەسەریەوە ماوە، وەک دواکەوتووەک سەیر دەکرێت، لە ئاست فەرهەنگی ئەوروپا.

**ب- وەرە با پێکەوە سەما بکەین:**

- پیاوەکە دەماکی هەیە.
- ئەم دەمامکەش، بۆ تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندنی ژنان بەکار دێنێت.
- خۆی بە پێشکەوتووخواز پێشان دەدات گوایە جاڕ بۆ مافی ژنان و ئازادی دەدات، کەچی تەنیا بۆ مەرامە بەرژەوەندی خوازییەکەی خۆیەتی و تێرکردنی ئارەزووەکانی.
- فەرهەنگە داخراوەکەی دەکاتە هۆکارێک، کە گوایە هۆکار بووە و لەوێ ڕێگری لە مافی ژن دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە، بۆیە ڕووی کردووەتە دەرەوەی وڵات.
- لە دەرەوەی وڵاتیش کە فەرهەنگێکی کراوەیە، ئەم ناگۆڕێت و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هەڵخەڵەتاندن بووە و ڕابواردن و کات بەسەر بردنە لەگەڵ ژنان.
- لەم چیرۆکەدا ژنێک لە خشتە دەبرێت و دەبێتە قوربانی خۆشەویستییەکی ساختەی پیاو.

**ج- ژنەکانی ژەنەڕاڵ:**

- ژەنەڕاڵ دەمامکدارە.
- دەمامکداربوونیشی بەمەبەستی ڕابواردنە لەگەڵ ژن و خۆ تێرکردنیەتی لە ژن.
- ژەنەڕاڵە و گوایە کچەی خۆش دەوێت و باس لە مرۆڤدۆستی و ئاشتی و... تاد دەکات.
- بە کەم سەیرکردنی ژن، وەک ئەوەی مرۆڤ نەبێت.
- مامەڵەکردنی لەگەڵ ژن وەک ئەوەی ژن مریشک بێت و خۆیشی کەڵەشێر.
- ژنانێک لە بەرانبەر یەک پیاودا، لە ڕوانگەی ژەنەڕاڵەوە.
- هەڵخەڵەتاندن و فریودان، کە گوایە کچەی خۆش دەوێت، کەچی تەنیا بۆ کاری زایەندییە.
- ساوێرەکانی پیاوانی مایل بە ئارەزووبازی لەگەڵ ژن، نەخۆشییە و یەکسانە بە مەیلی ژەنەڕاڵ/ پیاوان،

کە شەڕ نەخۆشی کردوون.

### کاتێک مرۆڤ دەتکوژێت و سەگ / ئاژەڵیش دەبێتە هاودۆست و ڕزگارکەرت

کاتێ هەستی مرۆڤدۆستی پێوارە و مرۆڤەکان بەهۆی توندڕۆیی و ئایدیۆلۆژیای ئایینی و سیاسی دەچەوسێنرێنەوە، لە ئازادی و مافی خۆیان بێ بەش دەکرێن. ئەوە کۆی سیستم تووشی تۆقێنەری، گەندەڵی و هەرەسهێنان بووە، بۆیە کە مرۆڤ لەو دەوڵەتە، یان وڵاتە لە ژێرچەترێکدا وەک مردوویەک هەریەک بۆ یەکتر نەناس و بێ جووڵە دەبینرێت، ئیتر هەمیشە لەژێر هەڕەشەی کارەساتێکدا دەبن. لەم وڵاتە یۆتۆپیا ئایینی و ئایدیۆلۆژییە هەرەسی هێناوە و مرۆ هیچ شتێک بۆی جێگەی متمانە و دڵنیایی نابێت. ئاژەڵ لەوێوە وەک جێگرەوە دەبینرێت و دەردەکەوێت، بۆ ئەو دۆخەی کە لە کووچە و کۆڵانەکاندا، هەستی مرۆڤدۆستییەتی بەر فیشەکی ئایدیۆلۆژیا کەوتووە.

چیرۆکی کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟ لەم کەشەدا و دۆخی وڵاتێک لەژێر شەپۆلی بێ بەهاکردنی مرۆڤ وێنا دەکاتەوە. زەمینەی ئەم چیرۆکە سلێمانییە. چیرۆکنووس لەو ڕۆژگارانە دەدوێت، کە ئازادی و بەهای مرۆڤ، پێشێل دەکرێت. ئەو دۆخەش کە ئاگایی چیرۆکنووسیان جووڵاندووە پڕ مەترسیترینە و لە هەموو شوێنێکیش: بارەگا، پەرستگە و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و... تاد، نمایشی خۆی دەکات و خەڵکیش هیچ هەڵوێستێکیان بەرانبەر بەو مەترسییە نییە، ئەم بێ هەڵوێستییەش بووە بە خزمەتکردنی مەترسیدارتریش بیروباوەڕی قرکردن، دواجار ئەم مەترسی و قرکردنە لە جوندولئیسلام، دواجاریش لە داعشدا کەوتەوە.

ئەم چیرۆکە شەڕی ئایدیۆلۆژی و دەسەڵاتی دوو بەرە وێنا دەکات، کە بەرەی بەرهەڵست وەک چیرۆکنووس دەیناسێنێ، بەرەی توندڕۆ و ڕیشنەکانە، واتە ئەو بەرەیەی ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینی دەیجووڵێنێ. بەرەی دووەمیان بەرەی دەسەڵاتدارە، کە ئایدیۆلۆژیای عەلمانی لە خراپترین دۆخی تۆتالیتاریدا خۆی دەبینێتەوە. دۆخێک کە دیموکراسی و ئازادی تاک تێیدا وەلاوەنراوە.

ژن و سەگێک، پێکەوە لە خانوویەکدا دەژین. ژنێک کە ناچێتە ژێر دەسەڵاتی باوکسالاری ڕیشن و تاکڕۆیی. خانوویەک کە بازاڕەکە بەدەوریدا نەخشەی کێشاوە، ئەمەش ماڵەکەی پڕکردووە لە دەنگەدەنگ. ئارامی لەو ماڵەدا تەنگی پێ هەڵچنراوە، کە بازاڕی خەڵک دەگرێتە خۆی و ئەم ماڵەی دەورەداوە، ئەمەش کۆدە بۆ دەوروبەر و دابونەریت، کە دەیەوێ هەموو شتێ بازاڕ/ مێگەل ئاراستەی بکا، نەک تاک.

ئەم خانووە هێمایە بۆ فەرهەنگی نارێکی بازاڕی و خێڵەکی. فەرهەنگێک کە مرۆڤەکان لە بێ بەهاییدان، کارناکەن، کەچی یەکجار سەرقاڵ و تووڕەن. نەناس و لێک غەیانن، ئەمەش بە تەرم هێمای بۆ کراوە، ئەم تەرمە لە ماڵەکەدایە، ڕێک لەو ژوورەی کە تێیدا چەترێک بە دیوارەوە هەڵواسراوە، لەژێر ئەم چەترەدا تەرمێک دەبینرێت. لەژێر ئەو چەترەدا تەرمێک کڕ و بێ دەنگە، نە بەرکەوتنت لەگەڵ دەبێ نە لاش دەدرێت. لەژێر چەتردابوون، واتە کۆی خەڵک لە نیشتمان، یان خاکدا دەگرێتەوە، چونکە چەتر لە فەرهەنگی کوردیدا ئاماژە و هێمایە بۆ کۆمەڵ، خاک و نیشتمان. ئەم تەرمە ناجووڵێ، وەلێ ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەم تەرمەش سەرەتا تەرمی یەک کەسە و دواییش گۆڕانی دەکەوێتێ، کە گۆڕانەکە هەر تەرمێک نابێت، ئیتر کۆتەرم زیندووە ڕوح مردووەکان دەنوێنێ. «تەرمێکی نادیاری نەناسراو بەردەوام لەوێدایە، کەچی تەرمی یەک کەسیش نییە، تەرمێک هەرگیز زیندوو نابێتەوە، کەچی بەردەوام لە گۆڕاندایە» ل٤٨.

سەرووی چەترەکەش ئاسنێکە، کە دەسەڵات وێنا دەکات. ئاسن/ دەسەڵات، نیشانکراوی دەستی دژەئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارە، واتە ئاسن ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و شەڕی ئایدیۆلۆژیای مرۆڤکوژ.

گێڕانەی هاوسەرگیری ژن و مێردەکە، چەند ڕۆژێکی ماوە کە سێ ساڵ پێوەندی و سێ ساڵیشە هاوسەرن، بۆیە پێکەوە لەماڵەوە وەدەر دەکەون، بۆ کڕینی دیاری بۆ یەکتر، بەڵام چەند کەسێکی ڕیشن ئاسنی سەرووی چەترەکەیان دەکەنە نیشان و ئومێدی هاوسەری ژنە دەپێکرێت و ژنەش لەخۆ دەچێت. تەنیا هەوشاری سەگی هاوڕێکەیان ئەم هەواڵە دەگەیەنێتە بەرێوەبەری خوێندنگەکە و ژیانی ژنەکە ڕزگار دەکات. سەگێک وەفاکەی هەر ئەوە نییە کە بژێوی بۆ ماڵەوە پەیدا دەکات، بەڵکو شوێنی ئەو مرۆڤە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەکوژێت، بۆیە

سەگ، لە مرۆڤەکان مرۆڤانەتر و وەفادارتر دەجوولێتەوە.

دوای ئەم ڕووداوە، سەگ کار دەکات و لەگەڵ ژنە ژیان دروست دەکەنەوە، ژنێک کە شکۆمەندی و شەرەف لە ژیان لەگەڵ سەگدا دەبینێت، نەک لەگەڵ باوکێکی پیاوسالار. نایەوێت ژیانێک بژێت، کە لەلایەن هاومرۆڤەکانییەوە، تا ڕادەی پڕ مەترسی بێ بەها کراوە، دەسەڵاتێک لە یاسای مرۆیی داماڵراوە. شەڕ بۆ ئایدیۆلۆژیا کوشتنی مرۆڤە و زیادکردنی پەیڕەوکار و لایەنگرانە، نەک خزمەتکردنی مرۆڤ و شارستانیەت.

لە کۆتاییدا ئەوی گەرەکە بگوترێ، ژیانی پاڵەوان و کەشی ئەم چیرۆکە، لە هەمان دۆخی ژنانی کۆبانێ دەکا، کە ماڵ/خاکیان ڕزگارکرد و ژیانیان دروست کردووە. ژنانێک بەرگرییان لە مانەوە و ئازادی خۆیان کرد، نە چوونە ژێر دەسەڵاتی خۆسەپێنەر و ریشنەکانەوە، نە چووشنە ژێر دەسەڵاتی پیاو سالارییەوە.

**ئەنجام**

لەم نووسینەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١- ئەم بابەتانەی چیرۆکنووس ورووژاندوونی، کێشەی زەق و بەرچاوی ڕۆژانەی ژیانی ژنی کوردە. زیاتریش ئەم بیرە فێمێنیستییەی تێدا دەبینرێت، سەرەتاییە، واتە قۆناغی ڕەخنە و بەرهەڵستکاری فێمێنیستییە، لەنێو کورددا. قۆناغێکە، دەتوانێت هەنگاوی زیاتری تێدا بهاوێژێت، بۆیە لە قۆناغی سەرپێکەوتنی ژنایەتیی کوردی، جموجووڵێکی ژنانە نمایش دەکات. بیرێکی ژنانە، دەنگێکی ژن، گەلێک لە کێشەکانی خێزان و کۆمەڵگەی کوردی، دەورووژێنێت، کە کەم نووسەر توانیویانە بەم شێوەیە بە بیرێکی فێمێنیستانە، کاری خۆی دەست پێ بکات و تا ئاستێک تێیدا سەرکەوتوو بێت.

٢- زیاتر لە هەر شتێک، ئەدەب دەتوانێت ڕەنگدانەوەی دەنگی ژن بێت و ژن بتوانێت وێنای خۆی و ناخی خۆی تێدا هەڵبڕێژێت، ڕۆڵ و کاریگەری خۆیشی بخاتە ڕوو، لە ململانێی مێژووی ژیانی مرۆڤ، کە کۆمەڵە چیرۆکی "دەزگیرانە قوڕینەکەم" دەنگ و وێناکەرەوەی دەنگی ژن، مەیل و خولیاکانی ژنە، بۆ ماف، ئازادی و یەکسانی.

٣- چیرۆکنووس هەندێ لە بیر و بۆچوونەکانی لەمەڕ ژنی کورد، ئەرێنی نین، بەڵکو وێنەی ژن زیاد لەوەی کە هەیە شێوێنراوە، واتە ژن، یەکجار ئەو پەروباڵ سووتاوە نییە، کە کازیوە ساڵح دەیەوێت ئازار و چەوساندنەوەی بەرچاو بخات. بەشێک لەمەش بۆ چالاک نەبوونی میدیای کوردی دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت نووسەر بەرانبەر بەمە ئاگایی هەبێت، چونکە پیاوی کورد یەکجار ئەو زاڵمە ژنکوژ و مافخۆری ژنەش نییە، کە تێگەیشتنی چیرۆکنووس تێیدا دەور دەکاتەوە. وێجا ژنی کورد تێکڕا لە ئازادی و ماف داماڵراو بێ بەش نییە، بۆیە نابێت ئەو تێگەیشتنە وەها زەق بێتەوە کە ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا هیچ بەها و ڕێزێکی بۆ دانەنراوە.

٤- چیرۆکنووس جەخت لەوە دەکاتەوە کە هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ژن، یان وابەستەبوونی ژن بە گەلێک لەو گرێکوێرانەی لە کۆمەڵگەدا هەن و بوونەتە خاڵی لاوازی، هەر تەنیا لە دەسەڵاتی باوکسالاریدا ڕەنگ نادەنەوە، بەڵکو هەر ئەو دەسەڵاتە ڕەگەزییەی پیاو هەیەتی، لە ئایین، سیاسەت و تەواوی جومگەکانی ژیاندا دەبینرێت. بە شێوەیەکیش ڕەگی داکوتاوە، کە دەبێت بە وردی و هۆشیارییەوە کاری بۆ بکەین و کۆمەڵگەی کوردی لێ وەئاگا بێنینەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- کازیوە ساڵح، ئاسمان لە هەموو شوێنێک شینە- کۆمەڵێک دیانە، ئاراس، چ١، هەولێر- ٢٠١٣، ل٦١-٦٢.**

**٢- ئەحلام مەنسوور، گرەوی چاوەکانی ئەم- ئەزموون، ئاراس، چ١، هەولێر- ٢٠٠٨، ل ٣٨.**

**٣- کازیوە ساڵح، دەزگیرانە قوڕینەکەم، چا: ئاراس، چ ١، هەولێر- ٢٠١٢**